# مەلا مارف کۆکەیی

**ناسری وەحیدی**
**(بۆکان)**

(کۆکە) گوندێکە لە ناوچەی بۆکان کە چوار شاعیری بەناوبانگ و ناوبەدەرەوەی کوردی لە داوێنی خۆیدا پەروەردەکردووە، ئەو شاعیرانە بریتین لە: مەلامارف کۆکەیی، حاجی باپیرئاغای شێخ ئاغایی، خاڵەمین و عەباس حەقیقی. کۆکە بە بۆنەی هەڵکەوتنی ئەو شاعیرانەوە بە شیرازی کوردەواری ناودێر کراوە. مەلا مارف ساڵی ١٢٥٣ (١٨٧٤ز) لە گوندی حاجی خۆش لە مەحاڵی شارویێرانی مهاباد لە دایک بووە، پاش مردنی باوکی، کۆچیان کردۆتە مەحاڵی گەورکایەتی ناوچەی موکریان. تا ساڵی کۆچی هەتاوی١٣٠٣ (١٩٢٤ز) کوڕی گەورەی مەلا مارف بە ناوی مەلا عەلی کە دژی زوڵم و زۆری ئاغا و دەرەبەگ و ژاندارمە ڕاسا بوو، بە پیلانی ئاغاواتی گوندانی دەوروبەری ئەو ناوچەیە، بە دەستی ژاندارمەی ڕەزاشا دەکوژرێ؛ هەر لە دێهاتی ئەو ناوچەیە دەمێنێتەوە و مەلایەتی دەکات، دوایە کۆچ دەکاتە مهاباد و لە مزگەوتی شادەرویش سەرقاڵی دەرس گوتنەوە دەبێ. مەلا مارف ژیانێکی پڕ لە تاڵی و نەداری ڕادەبوێرێ، لە ئاخری تەمەنیدا لە بەهرەی بینایی بێبەش دەبێ و لە مانگی ڕەمەزانی ١٣٢٤ کۆچی هەتاوی (١٩٤٥ز) لە مهاباد کۆچی دوایی دەکات.

هەرچەندە مەلامارف لە گوندێکی تەریک و پەرپووتی بۆکان نیشتەجێ بووە، بەڵام ئاگاداری ڕەوتی ئازادیخوازی و جووڵانەوەی مەشرووتەی ئێران بووە، بە زمانی کوردی، فارسی و تورکی و عەرەبی شیعری نووسیوە. لەبەر نەبوونی دامودەزگایەکی حکوومەتی کە بە شێوەی فەرمی خزمەتی ئەدەب و شیعری کوردی بکات، شاعیر لەبەر دەست کورتی و هەژاری بە ناچاری زۆربەی شیعرەکانی بۆ وەرگرتنی خەڵات و دیاری بۆ کەسانی ساماندار و خاوەن دەسەڵاتی ناوچە وەک سەیفولقوزات، سەدری قازی، حاجی ئیلخانی، حاجی ڕەحمان

ئاغای موهتەدی، سمایل ئاغای عەباسی ئاغای سەرا و دەوڵەمەندی شاری مهاباد بە دیاری ناردووە و هەجوو و زەمی نەیارانی خۆی کردووە؛ لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونە لەو شیعرانە دەکەین.

**لە سۆیی گیپە و سەروپێتە سەرم وەک ساز و سەنتوورە**
**لەبۆ یەک کەشکەک و شۆرباتە سینەم شەبیهی شەیپوورە**
**لەبۆ جەرگ و دڵی خۆشبۆ بە عەتری جەوهەری لیمۆ**
**لەمێژە جەرگ و دڵ دەکوڵێ شەبیهی ئاشی سەر کوورە**
**بە میزرابی خەیاڵ وتار یاری تاسکەبابێکە**
**ڕەگ و پیشەی وجوودم یەک بەیەک وەک تاری سەنتوورە**
**تەبیعەت گەرچی ڕەنجوورە قەریحە گەرچی باریکە**
**لەبۆ گۆشتی قەڵەو ئەعزا هەموو وەک خیگە ئەستوورە**
**لە چێشتی بەریەسێڵ و گۆشتی تازەی بەرخی یەکساڵە**
**کە مەحرووم ئەزیزم چلچراغی دیدە بێ نوورە**
**تەبیب و دوکتۆرم پاک ئیمتحان کرد ئیتیفاقیان بوو**
**دەوای ئەم دەردەیە یا کاوڕە یا گیسکە یا کوورە**
**دەبینم ئەهل و بەیتی کەس نییە لەم شارەدا ئەمرۆ**
**مەگەر زاتێ بە ئیبنولموهتەدی مەعرووف و مەشهوورە**
**ئەگەر ڕاستت دەوێ پیاوی خەسیس و پیس و دەست قووچاو**



**مەلا مارف کۆکەیی**

**نەبێ چاکە ئەگەر بشبێ مەقامی ئاوی ئاموورە**
**وەکوو بیستوومە وەختی بەخشش و هیمەت دەر و بانی**
**لە موحتاج و فەقیر و بێنەوا وەک بەیتی مەعموورە**
**ئەگەرچی کاکی «کۆکی» نیسبەتەن تۆ شاعیری چاکی**
**وەلێ چون ئیحتیاجیت زۆرە شیعرت بۆیە مەنفوورە**

مەلا مارف ئەم شیعرەی بۆ حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی نووسیوە، کە پیاوێکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووی ناوچەی موکریان بووە و دەستێکی لە شیعر و شاعیریدا هەبووە و نازناوی شیعری «کاکی» بووە. هاوکات لەگەڵ ئەوەش شیعری گشتی و کۆمەڵایەتی بۆ تەوس و پلار لە دەسەڵات و ئەو داب و یاسایانەی نووسیوە کە بە زۆرەملێ بەسەر خەڵکیان داسەپاندووە. بۆ وێنە کاتێک ڕەزاشا بە زۆر یاسای فڕێدانی مێزەر و کڵاوی کوردی و لەسەرنانی شەپکە و کڵاوی پەهلەوی بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنێ، مەلا مارف ئەم کردەوەیە

دەداتـە بـەر تـەوس و پـلار دەڵـێ:

**مودەتێکە نەفسی حیز حوکمی خراوم لێدەکا**
**هەر بە قەهروکینە دەڕوانێت و چاوم لێدەکا**
**جاربەجار دەگری و دەناڵێنێ وەکوو هەوری بەهار**
**گەهـ بە خەندە و پێکەنین دێت و سڵاوم لێدەکا**
**یەک سەعات و یەک دەقیقە دەست لەمن هەڵناگرێ**
**ڕوو لەهەر لایێ دەکەم هەر قاوە قاوم لێدەکا**
**بۆ خەرابات و کڵێسا و مەسجید و دەیر و کەنشت**
**دەمرفێنێ ئەم سەگە سەد گورگەڕاوم پێدەکا**
**هەرچی تەفرەی لێدەدەم، وەعدە و وەعیدی پێدەدەم**
**ناسرەوێ تەکلیفی قوڕ و بن دڕاوم لێدەکا**
**عیففەت و عیسمەت کە باری کردووە ئەم کافرە**
**کوللی شەو داوای کچێکی کەس نەگاوم لێدەکا**
**گەرچی دنیا بۆ مەکان بۆتە یەک بەیتولخەلا**
**زاڵمە دەعوای گوڵ و عەتر و گوڵاوم لێدەکا.**
**ڕۆژی شیرینم نەماوە عەهدی ترش و تاڵییە**
**وەک مناڵ دەگریت و داوای شەکری خاوم لێدەکا**
**من لەبەر عجز و پەرێشانی کە هیچ نوتقم نییە**
**ئیدیعای ئەشعار و بەیت و بەند و باوم لێدەکا**
**هێندە گریاوم لە چاومدا نەما فرمێسکی خوێن**
**زاڵمە بێ ڕوحمە داوای خوێنی چاوم لێدەکا**
**من بە ناری دڵ دەبرژێنم کەبابی جەرگی خۆم**
**بۆی دەبەم ڕازی نییە داوای پڵاوم لێدەکا**
**هەرچی فکری لێدەکەم ڕێگەی خەلاسیم بۆ نییە**
**بەم چلەی زستانە داوای تاو و ساوم لێدەکا**
**دەچمە ماڵێ ماڵ و منداڵ دێن و دەورەم لێدەدەن**
**یەک تەمەننای قەندوچا یەک نان و ئاوم لێدەکا**
**دەچمە مزگەوتێ لەوێش شەیتانی مەلعوون حازرە**
**ئیدیعای ئیسلام و ئیمانی نەماوم لێدەکا**
**ڕوو لە بازاڕی دەکەم ئەم جارە ئەربابی تەڵەب**
**هەرکەسێ تووشم دەبێ داوای دراوم لێدەکا**
**دەچمە سەر چۆم و خەیابان یەک نەفەس ئاسوودە بم**
**شارەبانی حازرە داوای کڵاوم لێدەکا**
**سەیری خۆشتر، من کە «مەعرووفم» لە نێو ئەم شارەدا**
**تازە ئیحسائیە داوای ئیسم و ناوم لێدەکا**
**دەردی بەدتر لەم هەموو دەردانە تیغی پیرییە**
**جەرگی لەت لەت کردووم داوای هەناوم لێدەکا**
**حەزرەتی قابیز بەحوکمی پادشاهی لایەمووت**
**ئیدیعای تەکمیلی عومری ناتەواوم لێدەکا**
**یەک لە ئەشخاسی ئەدیب و دۆستانی موحتەڕەم**
**ئیدیعای یەک گوهەری کون نەکراوم لێدەکا**
**چوومە لای غەوواسی بەحری فکر و بۆی هێنامەدەر**
**گەوهەری ناسوفتە داوای باج و خاوم لێدەکا**

لـەو سـەردەمەدا ڕەزاشا بـە لاسـایی کردنـەوەی کەمـال ئەتاتورکـی سـەرۆک کۆمـاری تورکیـا بـۆ یەکپارچـە کردنـی گەلانـی ئێـران لـە بـاری ڕواڵەتـی و ئاسـمیلەکردن و ئێـران سـازیی، فەرمان دەدا هەرکـەس کـە لـە دێهاتـەوە هاتوچـۆی شـار دەکات، دەبـێ شـەپکە و کڵاوی پەهلـەوی لەسـەر دابـێ، ئەگینـا دەبـێ دراوێـک وەک بـاج بـە پیاوانی حکوومـەت بـدا. ئەوکەسـانەی کـە دەچـوون بـۆ شـار ئەگـەر کڵاوی شـەپکەیان پـێ نەبایـە لـە قـەراغ شـار ڕادەوێسـتان هەتـا ئـەو خەڵکانـەی کـە کاریـان لـە شـاری تـەواو دەبـوو دەگەڕانـەوە، کڵاوەکانیـان پێکـەوە ئاڵوگـۆڕ دەکـرد. پەنـدی شـەپکە تونـدە لـە نـاو کـورددا لـەو زەمانـەوە داکەوتـووە. مەبەسـت لـە تونـدی شـەپکە ئـەوە بـوو، ژاندارمـە هەرکەسـێک شـەپکەی لەسـەردا نەبووایـە بـە زۆر باجیـان لـێ دەسـتان و مێـزەر و کڵاوی کوردیـان لـێ دەسـووتاند. جـاری واش بـووە باسـی کەسـیان نەدەکـرد. ئـەو ڕۆژانـەی کـە باجیـان دەسـاند و توندوتیژیـان دەکـرد، دەیانگوت ئەمـڕۆ شـەپکە تونـدە. مـەلا مـارف لـەو شـیعرەدا پلارێکیـش لـە ئیـدارەی تۆمارکردنـی ناسـنامە دەگـرێ و دەڵـێ کـە مـن لـەو شـارەدا زۆر ناسـراوم و ناویشـم مەعرووفـە داوای نـاوم لـێ دەکات.

مەلامـارف زۆر بوێرانـە پێـی زیاتـر لـەو وردە گلەییانە هەڵێناوەتـەوە وەپێش زۆربـەی شـاعیرانی ڕووناکبیـری فارسـی ئـەو سـەردەمەی خـۆی کەوتـووە. بیـری ئازادیخـوازی و دیموکراسـی و جەمهووری کـە لـە فەڕەنگـەوە سـەری هەڵـداوە، وەک چەمکێـک دەکاتـە کەرەسـتە بـۆ ڕەخنەگرتـن لـە دەسـەڵات. میـرزادەی عیشـقی کـە بـە ڕەچەڵەک کوردە و نیشتەجێی تارانـە، لە ناوەندی ڕۆشـنبیری ئێرانـدا بـووە بـە تونـدی دژایەتـی جەمهووریخـوازی کـردووە، لـە شـیعرێکدا دەڵـێ کۆماریخـوازی بۆیـە خراپـە شـوانەوێڵەی دێهاتـی سـەقزیش باسـی دەکـەن و خوازیـاری ئـەون. پـاش سـەرنەکەوتنی جووڵانـەوەی مەشـڕووتییەت و دامەزراندنـەوەی ڕژێمـی پاشـایەتی لـە ئێـران مزگێنـی خەبـەری خـۆش بـە خەڵـک دەدا کـە باسـی کۆماریخـوازی تێـدا چـووە و فەوتـاوە:

صحبت جمهوريت از بين رفت
غصه مخور اين نيت از بين رفت
فرقه بی تربيت از بين رفت
زمزمه عاريت از بين رفت
خاطرآسوده مكدر مكن
بشنو و باور مكن
نيست براين ملت يک لاقبا
فكر اجانب پس از اين رهنما
هست دگرموقع صلح و صفا
نيست زام دولت و ملت جدا
واهمه از توپ شنيدر مكن
بشنو و باور مكن.

میـرزادە لـەو شـیعرەدا مزگێنـی دەدا کـە باسـی کۆماریخـوازی لەنـاو چـووە، میللەت خـەم نەخوات. ئـەو تاقمـە بـەدکارە لەنـاو چـوون، قسەوباسـی ئەوانـە کاوێژکردنەوەی قسـەی فەڕەنگی و بێگانەی لەنـاو چـووە، بیـری خۆتـان بـەو فکرانـەوە خـراپ مەکـەن، بژنـەون، بـەڵام بـڕوا مەکـەن، کەچـی لـە لای مەلایەکـی گوندنشـینی کـورد بـە پێچەوانـەی میـرزادەی عیشـقی کـە ڕۆشـنبیر و سەرنووسـەری ڕۆژنامـە و مامۆسـتای زانکۆیـە، شـێوە ڕوانینێکـی تـر بـۆ کۆماریخـوازی دێتـە ئـاراوە و بـەم شـێوەیە سـەبارەت بـە کۆماریخـوازی دەپەیڤـێ:

**لـە ڕۆژنامـەی مودیـری کـەچ مـەداری چەرخـی شـەفتووری**
**دەنووسـێ ڕۆژی کـوردی کەوتـە ئەوجـی بورجـی بـێ نـووری**
**بوخـار و دووکەڵـی بـێ ئیتتفاقـی و سـووئی ئەخلاقـی**
**موجەسـەم بـوو بـە هـەوری نەگبـەت و ڕۆژ کەوتـە مەستووری**
**لەبەر بێ فکری و ئیقدامی ڕەئیسانی عەشایر بوو**
**کە ڕۆژن بۆتە زوڵماتی شەوی تاریکی دەیجووری**
**هەمـوو میللـەت گەیشـتە مەنزڵـی مەقسـوود و خوشـنوودی**
**فەقـەت کـوردن بەجێمـاون بەمەحڕوومـی و بەمەهجـووری**
**عەزیـزم ئیفتخـاری خاریجـی هـەم عیلمـە هـەم سـەنعەت**
**بەمیلێون و بەفرسـەخ تـۆ لـە عیلـم و مەعریفـەت دووری**
**تەماشاکە لەبەر شوعلەی چرابەرق و ئەلەتریکی**
**کـورەی عـەرزی هەمـوو یەکپارچـە بۆتـە یـەک کـورەی نـووری**
**مەگـەر تـۆش هـەر بەپشـتێندی زل و پێـچ و شـەدە و هـەوری**
**بنـازی بیکەیـە ئەسـبابی کیبـر و فەخـر و مەغـرووری**
**برا بیری چرایێکی بکەن تاریکەشەو دادێ**
**قیامێکی بکەن تا فورسەتە بیکەن بەجەمهووری**

کەسێ میللەت پەرست بێ و خاوەنی فکر و سیاسەت بێ

تەرەققی میللەت و ئاسایشە مەقسوود و مەنزووری

یەقینت بێ لە باوەش ناگرێ قەت شاهیدی مەقسوود

هەتاکوو پێ نەنێتە موڵکی ئازادی بە مەسرووری

وەدەستت ناکەوێ ئازادی و شادی بە ئاسانی

کە هەنگوین ناخورێ بێ ئێشی ڕیشی نیشی زەنبووری

هەتا مابێ لە سەندووقی سەروسینە و دەماغتدا

لە بادەی غەفڵەت و کیبر و نیفاق، ئاساری مەخمووری

هەتا زەنجیری مەحکوومیت لە دەست و شان و ملدا بێ

نەپۆشی تا لیباسی شەبیهی کافووری بە مەجبووری

لە پێش چاوی هەموو عالەم چرووک و سووک و مەهتووکی

لەنێو جەمعی میلەل بێ ئیحترام و قەدر و مەنفووری

لێرەدا دوو جۆرە فکری ڕۆشنبیری کوردی هاوچەرخمان دەکەوێتە بەرچاو، یەکیان خوێندەوارێکی زانکۆ دیتووی سیاسەتوانی پێتەختنشین و شاعیرێکی پەڕپووتی گوندنشین کە لە حوجرەی قورماوی دێهات خوێندوویە. هەر یەک بە جۆرێک دەڕوانێتە چەمکی کۆماریخوازی و وەک ئەندێشەیەکی ڕزگارکەر و سەربەستی میللەت. مەلا مارف دەرد و ئازاری کۆمەڵگەی خۆی دەناسێ و نەتەوەکەی هان دەدا کە لیباسی سپی یەکڕەنگی وەک کافووری سپی بەبێ هیچ لەکە و پەڵەیەک لەبەر بکەن و یەک بگرن، ئەگەر وا نەکەن لەبەر چاوی هەموو خەڵکی دنیا سووک و چرووک دەبن، قەت ناگەن بە سەربەستی و ئازادی.

سۆفی وەرە هەنگامی گوڵ و فەسڵی بەهارە

وەختی تەڕەب و عەیش و دەمی گەشت و گوزارە

پیشە و عەمەلت حیلەیە تەزویرە ڕیایە

تۆ بەشقی خودا پێم بڵێ ئەم کارە چ کارە

بەم ڕیشە هەتا کەی دەبڕی ڕیشەیی عومرت

ئەم ڕیشە مەگەر تیشەیە یا شەققەمشارە

تێفکرە تەماشاکە لە کووچە و خیابان

سۆزی نەیە نەشئەی مەیە ئاوازەیی تارە

پۆل پۆل سەفی مەحبووبە لە گوڵزار و چەمەندا

تۆ دێوی مەگەر مەنزڵی تۆ هەر لە مەغارە

ڕایخستووە فەڕڕاشی سەبا فەڕشی زومورڕود

وەک ئەتڵەسی یەک ڕەنگە بە بێگەرد و غوبارە

هەرچی لکی دارە وەرەقی سەوزی لەبەردا

بێ بەهرەیە لەم خەلعەتە هەرچی لەکەدارە

دەڕژێنێ لە ئاوپاشی فەلەک ئاوی موقەتتەر

سەققایی ڕەبیعی بەقەتارە و بەمەتارە

سەرتیپی بەهاری لە گوڵ و لالەیی ڕەنگین

چەن تیپی لە ساندا لە پیادە و لە سەوارە

موستەحفیز و نەوبەتچییە بۆ باغ و گوڵستان

کەبکی دەری و بولبول و قومری و قەنارە

خەملیوە وەکوو خێوەتی خارا بە گوڵ و کات

هەر چیمەن و باغ و دەر و دەشتێک و نزارە

سەحرایە لەبەر عەتری گوڵ و لالە و سونبول

وەک دەشتی خەتا و خوتەن و موشکی تەتارە

شەونم کە لەسەر ڕووی وەرەقی گوڵ دەدرەوشێ

عەینەن وەکوو قەترەی عەرەقی ڕوومەتی یارە

سوێسن بە زمانێکی تەڕ و تازە خەریکە

بۆ مەدح و سەنای سانعی ئەم نەخش و نیگارە

یانی کە هەموو شت بەدەمی سیڕڕی وجودی

بۆ بوونی خوداییێک بەتەنێ بەڵگە دیارە

شاعیر وەرە تۆ بە عەشقی خودا ڕوو لە چەمەن کەین

سوحبەت لەگەڵ ئەم عالەمە هەر دەرد و جغارە

شاعیر لەم غەزەلەدا سۆفی خەڵوەت نیشنی گۆشەی خانەقاکان دەداتە بەر تەوس و پلار

و پێیان دەڵی دۆزینەوەی گەورەیی و شکۆی خودا تەنیا لە گۆشەی خانەقا دەست ناکەوێ، ئەو ڕیشە و ڕواڵەت و ئاکارەت بۆ فریودانی جەماوەرە، ئەگینا بوونی خودا لە سۆزی نەی و سەرخۆشی مەی و تاریشدا بوونی هەیە و دەردەکەوێ. ڕیشی سۆفی بە تیشە و شەققەمشار دەشوبهێنێ کە ڕیشەی تەمەنی خۆی پێ دەبڕێتەوە. پێی دەڵێ خۆ تۆ دێو و ورچ نیت لە غار و ئەشکەوتدا دەژی، وەرە بڕوانە سروشت فەرشی زومەڕوودی ڕاخستووە، گەورەیی و دەسەڵاتی خودا لە نەخشاندن و ڕازاندنەوەی سروشتدا ببینە.

**لە شەوقی نیشتمان و شوعلەی ئەستێرەی گەلاوێژە**
**برینی ڕووح و قەلب و قالبم فی جوملە سارێژە**
**ئەگەر باوەڕ دەکەن یاران سەدای تەپڵی بەشارەت دێ**
**مەڵێن ئەم شاعیرە دێوانەیە یا شێتە یا گێژە**
**دەڵێن کاروانی قافڵەی کوردی وەپاشکەوتوو**
**کەمی ماوە نەجاتی بێ لەئەم هەوراز و ئەم لێژە**
**برا گەردن کەچی و مەحکوومی خوراکێکە ژەهراوی**
**دەخیلت بم نەچی بیخۆی بڕۆ تێی هەڵدە بیڕێژە**
**لە میوەی باغی ئازادی کەسێ بخوا دەکا تەسدیق**
**کە میوەی جەننەتە هاتۆتە دنیا هەستە بی چێژە**
**کەسێ مونکیر بە ئازادی و ئیستقلالی میللەت بێ**
**بە سوورەت زیندووە دڵمردووە بینێرە بینێژە**
**کەسێکی هەر تەڕەققی شەخسی خۆی مەنزوور و مەتڵەب بێ**
**بە سوورەت گەرچی گوێ کورتە، بەڵام بێچارە گوێدرێژە**
**خوداوەندا بە حەق و حورمەتی خاسانی دەرگاهت**
**ئەوانەی ڕوو بە قیبلەن دایمەن دەستیان بە دەسنوێژە**
**کەسێ حیفزی حقوقی میللەتی مەنزوور نەبێ ڕەببی**
**کەڕ و لاڵ بێ لە پاش کوێری بە خروێکە و بە سوورێژە**

مەلا مارف کە چاوی بە ڕۆژنامەی گەلاوێژ و نیشتمان دەکەوێ کە زمانحاڵی ڕۆناکبیرانی کۆمەڵەی ژ. ک بووە، هەست دەکات کە کورد خەریکە هەنگاوی خێرا بەرەو بڕینی هەوراز و بڵێندی دەنێ، بە هۆی ئەو ڕۆژنامانەوە بیری ئازادی و سەبەرستی لە ژێر نیری کۆیلەتی دەربەگایەتی ڕاماڵێ. شاعیر ملکەچی لە بەرانبەر دەسەڵاتی زۆرەملێ بە خواردنێکی ژەهراوی دەشوبهێنێ، خەڵکی هان دەدا بۆ ڕاسان و ڕژاندنی ئەو خواردنە، دەڵێ پارێز بکەن لە خواردنی. لەبری ئەو خۆراکە لە میوەی باغی ئازادی بخۆن کە میوەیەکی بەهەشتییە. تانە لەو کەسانە دەدا کە حاشا لە ئازادی و سەربەستی میللەت دەکەن، دەڵی ئەوانە بە دڵ زیندوون، ئەگینا مردوون دەبێ بیاننێژن. کەسێک بە تەنیا هەر بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی لەبەر چاو بێ، بە ڕواڵەت ئەگەرچی گوێی کورتە، بەڵام بەسەزمانە گوێدرێژە و برپرەی پشتی زۆردار و ملهوڕانە.

**مەڵێن یا شێتە یا مەستی شەڕاب و ئارەق و بەنگە**
**خەیاڵاتم پەرێشانە دڵم تاریکە هەم تەنگە**
**مەکەن مەنعم لە هەوری بیری من بارانی خوێن بڕژێ**
**لە سەحرای سینەدا دیسان هەرایە شۆڕشە جەنگە**
**شەهی ئیقلیمی بەدبەختی لەبۆ تەسخیری موڵکی دڵ**
**هوجومی کردووە تالیب بە تاج و تەخت و ئەورەنگە**
**ئەمیری لەشکری زوڵمە لە دەوری فەوجی بێ ڕەحمی**
**جەفا و جەور و میحنەت یاوەر و سەرتیپ و**

سەرهەنگە

کە دیتم لەشکری موڵکی بەدەن مەغلووب و مەحسوورە

بە فەرزینی غەمم شاهی وجوودم مات و بێدەنگە

ڕوخی نەحو و پیادەی سەرف و ئەسپی حیکمەت و مەنتیق

لەژێر پێی فیلی سەنعەتدا خەریکی وردە ئاهەنگە

گوتم ئەی نەفسی غافڵ هەستە سەیری وەزعی دنیاکە

بە نووری مەعریفەت ڕووی سەرزەمین یەکسەر تەڵاڕەنگە

نەتیجەی حاسڵی دنیا و دینت جەهل و غەفڵەت بوو

تەواوی قەول و فیعلت شەعبەدە و تەزویر و نەیرەنگە

چ نەفعێکی هەیە بۆ تۆ بزانی کەوکەبی تالیع

کە عەینوسسەورە کلکی ئەقرەب یا چەنگی خەرچەنگە

مەعاریف عیلمی تەییارە و گرامافوون و بێسیمە

ئەوەی تۆ پێی دەڵێی عیلم و مەعاریف چاوەکەم نەنگە

مەسافەی بەینی عیلمت تا دەگاتە عیلمی ئەدیسۆن

عەزیزی من بە میلیۆن و بە کیلۆمیتر و فەرسەنگە

وەکیل و نایب و سەرجوخە بۆ تۆ شاه و سوڵتانن

ئەویش کەمتر غوڵامی خوسرەو و جەمشید و هوشەنگە

بەڵێ عالم دەبێ یا ئیبنی سینا یا غەزالی بێ

کە ئیحیای ئەم شفای قەلب و شفای ئەو کەنزی فەرهەنگە

حەیاتی جاویدانی سەنعەت و سەربەرزییە جانا

قەتار و قافڵەی بێ عیلم و سەنعەت تا ئەبەد لەنگە

چییە سا بەسیە شاعیر مەوعیزە و شیعر و غەزەلخوانی

مەتاعی تۆ هەموو بێ قیمەت و بێ ڕەونەق و ڕەنگە

کە شیعرت وەک سەدەف فەڕزەن هەموو پڕ بن لە دانەی دوڕ

لەلای ئەشخاسی ویشک و بێ تەبیعەت ئاسن و سەنگە

کە مەقبووڵی جەنابی شێخ و ئەربابی تەبیعەت بێ

نیگارین خانەیی نەققاشی چین و نەقشی ئەرژەنگە

مەلا مارف لەم شیعرەدا دەڵێ ئەگەر من باسی ئەو ویشکە سۆفی و پیاوە خوڕافاتیانە دەکەم کە چاویان لە مانگ و ڕۆژی هەڵکەوتنی ڕووداوەکانی ژیانە، بە بەراوردکردنی لەگەڵ هەڵکەوتنیان لە مانگی ئەقرەب، یان قرژاڵە مەڵێن پیاوێکی شێت و سەرخۆش و مەستە، یان بەنگی کێشاوە. دڵی تەنگە و تاریکە و پاشای بەدبەختی هێرشی کردووەتە سەری، شەڕ و هەرایە. بەتەنیا خوێندنی سەرف و نەحو لە ژێر پێی فیلی سەنعەتدا خەریکە جرپ و هۆڕ لێی بەردەبێ.

ئامۆژگاری دەکا دەڵێ ئەی خەڵکینە وەرن سەیری دنیا بکەن کە بە نووری زانست و مەعریفەت ڕەنگی وەک زێڕی لێهاتووە دەدرەوشێ، بەڵام ئاکامی و کاردانەوەی کردەوەی دین و دنیای تۆ نەزانی و کەمتەرخەمی بووە، کردەوەت

درۆ و حوقەبازی و فریودان بووە. مەعرەفەت تەیارە و گڕامافوون و بێسیمە، ئەوەی تۆ ناوت ناوە زانست لە بەراورد لەگەڵ ئەو دەسکەوتانە عەیب و شوورەییە. مەودای عیلم و زانستی تۆ لەگەڵ ئەوانە بە ملیۆن کیلۆمیتر و فەرسەنگە. گەورە و سەروەر ی تۆ سەرجووخە و قوڵە ژاندارمەیە کە پێتوایە پاشان، کەچی لای ئەوان جەمشید و هووشەنگ-یش مرۆیەکی ئاساین و کەس خواجە و غوڵامییان ناکات. ئاگادار بە، قەتاری بێ عیلم و سەنعەت تا ئەبەد لەنگە. لەم شیعرەدا دەردەکەوێ مەلا مارف شارەزایی یاری شەترەنجیش بووە، باسی فیل و شا و پیادە و مات بوون دەکات.

ئێستا ئاماژە بە نموونەیەک لەو شیعرانەی دەکەم کە وەک تانە و تەوسی نووسیوە و پلاری گرتووەتە نەیار و ئەو کەسانەی کە خۆشی نەویستوون، یەکێک لەو کەسانە خەلیفە مەلا عوبەیدوڵڵای ئیندرقاش و خەلیفە مەلاعەلی چاخلووە کە بە خەلیفە ڕیش سوور بەناوبانگ بووە، هەردووکیان خەلیفەی حاجی سەیید موحەممەدی نوورانی کوڕی گەورەی سەیید عەبدولحەکیم بوون کە خۆی شاعیر بووە و نازناوی شیعری (غالب) بووە.

جەنابی سەید نوورانی لە بەندەت بۆچی ناپرسی

چلۆنە وەزع و حاڵت ماوی ساغی تێری یا برسی

لە سایەی تۆوە ماوم تا بمێنم هەر دوعا گۆتم

نیهایەت دەردی گەورەم با بڵێم و وا قەڵەم نووسی

لە حەیفی ئەو خەلیفەی توورەکەی سەر پڕ لە سندانە

کە کەس نازانێ غوولە یا فیرقەی جیننە یا ئینسە

وەکوو بیستوومە سیمی تێلگرافات و کەراماتی

لە ئیندرقاشەوە دەڕوا هەتا سەرنەوس و بن نەوسی

لە نێو جەمعی مورید و میللەت و ئەتباع و مەنسووبی

گەلێ باڵاترە ڕوتبەی لە ڕوتبەی حەزرەتی غەوسی

لە ژێر کورسی هەتا ڕۆژ ئەحمەقە دەخوات و لێی دەنوێ

کە ڕۆژ بۆوە دەڵێ ئەوشەوکە چوومە عەرش و تا کورسی

دەیانگوت گوفتوگۆی فەرموو لەگەڵ جیننی ئەگەر دەتڕێ

دەیانگوت بۆنی نیسبەت هات ئەگەر بۆ قەومەکەی دەتسێ

مەپرسە ئاوی دەسنوێژی بە لیک و بەڵغەمی سۆفی

بە سندانی کە کرد ئەو ئەحمەقە چۆن کەر بوو پێی ڕەخسی

کە جار جار بۆ فریو و خودنمایی دەچنە سەر قەبران

دەڵێ ئەم قەبرە ئەهلی نارە، ئەوهەش بۆتە فردەوسی

سەگێکە دەم ڕەش و پڕ مەکر و پڕ تەزویر و مەککارە

کەرێکە دەست و پێ قایم بە پاچیش ناشکێ تەرسی

درۆی پاش مردنە وا ئەو کەرانە هیچی نافامن

بڵێن گەر ئەهلی کەشفی چم لە دەستیدا دەڵێی خیرسی

ئەگەر ڕاستت دەوێ بۆ هیچ شتێک نابێت و ناسوڵحێ

مەگـەر بـۆ مسـت و زللـە ملـی پـان و دەم و لەوسـی
عەجەب پەتیارە و ئەفسوونگەر و جادوونماییکە
کە خۆی خستۆتە جەمعی ساحیبانی ئەنفووسی قودسی
لـە وەختێکـدا کـە قەیسـی هەڵدەڕێـژێ بـۆ مریدانـی
کەسی ئاقڵ لـەوێ نابـێ موکـەڕڕەر پێی بڵـێ قیسسـی
سەرم گێژە خەیاڵم پەرتە ئەفکارم پەریشانە
لـە داخـان وەختـە ببمـە شـۆڕەبی و تریاکـی و چەرسـی
مەڵێـن ئـەو شـاعیرە یـا مونکیـرە یـا ئەهلـی تەنقیـدە
بـەوەی کـەم ئولفەتـی خستـە قلووبـی خەزرەجی و ئەوسی
ئەگەرچی ئەم قەسیدەم توند و تاڵە زەهری قەتاڵە
بەیانی واقیعە تێیدا نییە هیچ ئارەزووی نەفسی
بەڵێ مەعلوومە فیتنەی ئاخری دنیا دەبێ وابێ
دەبـێ هـەر تێک بچـێ ئـەو دایـرەی مەنزوومەیـی شەمسی
ئـەوە چـون تێـرە وەک سـەی سـەر کەلاکـی مـڕپە مـڕپی دێ
خەلیفـە چاخلـوو دایـم دەقـووڕێ وەک سـەگی برسـی
جەنابی کاکە نوورانی دەبێ تۆ بۆچی ڕازی بی
بـە ئـەم ئەوزاعـە، گـەر چاکـی ئەگـەر پیـری ئەگـەر شەخسـی
بڵـی بـەو قەومـە بـێ ئەقڵـە بڵـێ بـەو ئەهلـە نادانـە
هەتـا کـەی دەبنـە یەخسـیر و نەچیـری تیـری بـێ قەوسـی
گوناهی ئەم هەموو مەخلووقە باری گەردنی تۆیە
ئەتۆ گورگت بە مەڕ بەم عالەمە سەلماندووە غەوسی
لە خۆت فکری بکە ڕۆژی قیامەت بێنە بەرچاوت
خەلاست بێ لە دەس ئەم عالەمە بێچارەیە و حەپسی
لە ڕۆژی حەشر و میزان و مەقاما ئەم هەموو خەڵکە
لە تۆ شاکی دەبن، تۆی وا ئەکەی بۆ ئەم تەڵە ڕەئسی
ئەگەر بۆ خۆت ئەزانی ئەم خەلیفەت ناقیسە هێشتا
عەبای بۆ پێدەدەی بۆ ماڵی خەڵکی دادەدەی دەرسی
مەقاماتی تەسەوف خۆت ئەزانی و شەرتی دەروێشی
لە بورجی عاسمانی مەعریفەتدا بێ شکە شەمسی
لە بەرچی وا ئەکەن ئێوە و خودا لەم بەحری عیرفانە
خەلیفـەی وا دروسـت ئەکـرێ کـە تەکیـەش پیـس ئـەکا ڕەوسـی
موسڵمانی و مەقامی ئەهلی عیرفانیش ئەگەر وابێ
دەری ئەبڕم کە بێزارم لە شێخی بەسرێ و وەیسی
شـەو و ڕۆژ چـل درۆت ئاخـر ئیجـازەت دا بـە هـەر یەکیـان
بـە شـەو چـون زۆر دەنـوون تـا دە، بـە ڕۆژ چـون مەجلیسـە تاسـی
حیسابی بەستە وا زوورە خسووسەن قافیەش تەنگە
دەبێ عیددەی لە کابینەی کیرامولکاتبین پرسی
ئەوێستا خواهیشم وایە کە ئیستیعفا بدەی لێیان
شوکور تۆ ئەهلی ئیدراکی شوکور تۆ ساحیبی حیسسی
لە هەر لاوە سەدای تەحسین و تەمجیدت دەکا «مارف»
لە ئەولا خاڵە قائانی لە ئەم لا مامە فردەوسی
جەنابـی مامـە شـێخ دەیگـوت شـوکور خاڵـی نییـە جێگـەم
گەلێ باڵاترە فکری گەلێ عالیترە حەدسی

مـەلا مـارف لـەو قەسـیدەیەدا هەمـوو گلەیـی و گازەندکانـی ڕوو لـە شـێخی زەنبیـل دەکات وەک گـەورەی تەریقەتـی نەقشـی لـە ناوچەکـەدا، بـۆ ئاگایـی لـە کـردەوە و ئـاکاری خەلیفەکانـی نییـە، ئـەو کـە هێنـدە پیاوێکـی گـەورە و مەزنـە، تەنانـەت قائانـی و فردەوسـی شـاعیریش تەحسـین

و تەمجیـدی دەکـەن. لۆمـەی شـێخ دەکات بـۆ عەبایـان بـە خـەڵات بـۆ دەنێـرێ ئـەوە کردەوەیـە جۆرێـک تەئیـد و سـەلماندنی کار و کـردەوەی ئەوانـە.

هەرچەنـدە خوێندنـەوە و بـاس کـردن لەسـەر شـیعرەکانی مـەلا مارفـی کۆکـەی بـەم وردە باسـانە نایەتـە مەقسـوود، بەداخـەوە لـە نـاو ئەدەبی کوردیدا تـا ئـەورۆش ئـاوڕی جیددی لـێ نەدراوەتـەوە و بەشـێوەی پێویسـت ئـەو شـاعیرە نوێخـواز و ڕووناکبیـرە نەناسـراوە، هەرچەنـدە ئـەو لـە کوێـرە دێیەکـی تەریکـی کوردسـتان ژیـاوە، خاوەنـی بیـر و هزرێکـی ئینسـانی بەربـڵاو و ئازادیخـواز بـووە.

بابزانیـن مامۆسـتا هێمـن-ی نەمـر لـە گۆڤـاری سـروەدا چـۆن باسـی مـەلا مـارف دەکات: پێویسـت نـاکات مـن خـۆم جەحێـڵ بکەمـەوە، نیزامی گوتەنی؛ لە شێستی شێست ڕزگار بووم و بـەرەو حەفتـا دەڕۆم و وردەهەنـگاو بـەرەو گـۆڕ دەنێم. تـازە بـە هیـوا نیـم جەحێڵایەتـی بکەم،گوێ سـوانان بگرم. بەڵـێ مـن پیـاو بـووم کە مـەلا مـارف کۆکەیی بەکوێری و لـە برسـان و لە خەمـان عەمری خودای بەجـێ هێنـا، دیبـووم دەمزانی کـە چەنـد مرۆیەکی زانـا و خوێنـدەوارە، چەنـدە کۆمەڵناسـە، لـە پێنـج خشـتەکییەکی فارسـی ڕا دیـارە کـە بـە منداڵـی دەگـەڵ قەسـیدە کوردییەکـەی «شـاعیری عوومـی کەوتنـە مەقاڵات و بۆڵەبۆڵ»کـە چەنـد جامیعەناسـە. ئەگـەر ددان بـەوەدا بنێیـن کـە ئەدەبیاتـی نووسـراوی کـورد، مەبەسـتم فۆلکلـۆری ئەدەبـی نییـە، ڕەوتـی سـەبکەکانی فارسـی گرتـووە، ناچاریـن بڵێیـن کـەم شـاعیری وامـان هەبـووە کـە لـە سـەبکی خوراسـانیدا بەقـەد مـەلا مـارف سـەرکەوتوو بوویـێ.

قەسـیدەی «نرکـەی نەهاتـی» ئـەو قەسـیدەیەی کـە لـە زەمانـی دەسـەڵاتی ڕەزاخانـی خوێنرێـژدا ڕەخنـەی لـە ڕەفتـاری نالەبـاری کاربەدەسـتانی ئـەو زەمانـە گرتـووە و بـەو نیـوە شـیعرە دەس پـێ دەکا: «مودەتێکـە نەفسـی حیـز حوکمـی خـراوم لێـدەکا» بـۆ شـاهیدی قسـەکەی مـن ڕەنگبـێ ئێسـتاش ئـەو ئاژانانـە مابـن کـە بـە ئەمـری شـارەبانی ڕەزاخانـی، مەندیلـی مەلایـان، شـەدەی لاوان، چارشـێوی ژنـان، نێفەکـی ڕانـک و پانتـۆڵ لەبەریانـدا دەسـووتاند، فرێیـان دەدا و دەدڕی و دەبـڕی، ئەگـەر کـەس دیـار نەبـا بـە بەرتیـل ڕازی دەبـوون، کـە کۆکەیـی لەبـارەی ئەوانـدا گوتوویەتـی. (ئامـاژەی مامۆسـتا بـەو شـیعرەیە کـە پێشـتر ئامـاژەم پـێ کـردووە، دووبـارە کردنـەوەی بەپێویسـت نازانـم.)

لەبیرمـە شـەوێک لـە دیوەخانـی میـرزا ڕەحمەتـی شافیعی، ڕەحمەتـی خـودای لـێ بـێ، کۆمەڵێـک گەورەپیـاو و شـیعرناس ئـەوەی کـە مـن لـە بیـرم مابـێ یەکیـان مامۆسـتای مـەزن «تورجانیزادە»بـوو، تاریفـی ئـەو شـیعرەیان دەکـرد کـە مـەلا مـارف بـۆ شـافیعی ناردبـوو، من بە ئەدەب لەسـەر چۆک دانیشـتبووم متەقم نەدەکـرد، تـا گەیشـتە ئـەو شـیعرە:

«جائیـزەی شـیعرم لەتـۆ نـاوێ مەگـەر بـارێ ڕەژی تـا سـەرووڕووی دوژمـن و بەدخواهـی تـۆی پـێ ڕەش بکـەم». ئـەو دەم وەدەنگ هاتـم گوتـم: ئـەم شـیعرە مانایەکـی دیکەشـی لەبنـدا هەیـە ئەویـش ئەوەیـە کـە میـرزا ڕەحمـەت ئەوەنـدەی دوژمن و بەدخواهـ هەیە کە بارێک ڕەژیان دەوێ هەتـا مەلامـارف ڕوویـان پـێ ڕەش بـکا. مامۆسـتا «تورجانیـزادە» تاوێـک مـات بـوو گوتـی: ئافەریـم ڕۆڵـە تـۆ کێـی؟ خـۆم پـێ ناسـاند. گوتـی: لـە کـن کێـت خوێنـدووە؟ گوتـم: لەخزمـەت مامۆسـتا

فـەوزی. گوتـی: ئـەوە بۆیـە شـتی وادەزانـی. بەڵـێ مـەلا مـارف ئـەو کەسـە بـوو کـە بـە هەمـوو زانسـت و هونـەر و بەزگێـک تێـر و بـە دوو زگان برسـی بـوو. دوایـەش کـە مـرد وەک حەریـق لـە گۆڕسـتانی مەلاجامـی نێـژرا و گـۆڕی ئەویـش وەک گـۆڕی هـەزاران مـەلا و سـەیید و پیاوچـاک بەدەسـتی «وەرەرام» تەخـت کـرا.

ئـای ئەوانـەی منداڵـن قەبرسـتانی مەلاجامیـان نەدیـوە بێجگـە لـەوەی گۆڕسـتانی موسـڵمانان بـوو، هـەزاران کێلـی مێژوویـی و جوانـی تێدابـوو کـە هەموو موسـڵمانان شـاردیانەوە و لەناویـان بـردن. مـن بـۆ خـۆم کێلێکـم دیبـوو کـە نەوەیەکـی لوتفعەلـی خانـی زەنـدی هەڵـی کەنـد بـوو و خەتێکـی زۆر جوانـی هەبـوو. بـە ئاواتـەوەم گـۆڕی مەلامـارف کەوتبێتـە حەوشـەی ماڵێکـەوە گوڵـکاری و چیمـەن بـێ.

ئێسـتا بـا بزانیـن مامۆسـتا هـەژار لـە کتێبـی چێشـتی مجێـور لاپـەڕەی٤٧دا چـۆن باسـی مـەلا مـارف دەکا: ڕۆژێـک لـە سـابڵاغ لەسـەر تاتەبەردەکانـی مزگەوتـی شـادەرویش لـەلای مـەلا مارفـی کۆکەیـی دانیشـتبووم و داوای شـیعری تازەیـم لـێ کـرد کـە لەبـەری کـەم، چونکـە هەمـوو شـیعرەکانیم لەبـەر بـوو، وەک دابـی عەرەبـی پێشـوو مـن ببوومـە ڕاوی مەلامـارف. بـە مینگـە و سـەرخوراندنەوە گوتـم: مامۆسـتا مـن شـیعرێکم گوتـووە، بۆتـی بخوێنمـەوە، تکایـە لەبـەر خاتـری مـن مەفەرمـوو باشـە، ئەگـەر پێـت بـاش نەبـوو پێـم بڵـێ. پێکەنـی گوتـی: شـێریش لـەو سـەنعاتە ڕەیلانەیـە خاترومـاتری دەوێ!؟ دەی بزانـم شـیعرە هـەرە باشـەکەم کـە جوانبامەیەکـە بـوو بـۆ خوێنـدەوە، کـە لـێ بوومـەوە گوتـی ڕۆڵـەم ئەمـە میعریـش نەبـوو، زۆر منداڵانەیـە، هـەر ئێسـتا بیدڕێنـە و خۆتـی لـێ نامـۆ کـە. شـیعرم دڕانـد و فرێـم دا. پـاش تاوێـک گوتـی: ڕاسـتی بڵـێ هەمـووی هـی خـۆت بـوو، یـان لـە خەڵکیشـت دزیبـوو؟ گوتـم: هەمـووی هـی خـۆم بـوو. گوتـی: ئەگـەر ڕاسـت بکـەی دوو بەیتیـان شـاعیرانە و ڕێکوپێـک بـوون. ئەگـەر وەک ئەوانـە شـیعر بڵێـی، بـە هومێـدم ڕۆژێـک وەک خـۆم لـە برسـان بمـری!

کۆتایـی دوا بەشـی قسـەم بـە نەقڵێکـی مـەلا مـارف دەبڕمـەوە. وا ڕیکەوتـووە هـەر کاتێـک مـەلا مـارف ویسـتوویە بچـێ بـۆ مهاباد بـۆ بـەر قەننـە چۆتـە ماڵـی مەلایەکـی دۆسـتی لـە نزیـک بورهـان، لـەوێ نـان و چایـی خـواردووە. لـەو سـەریش لـە گەڕانـەوەدا عەسـرانەی بردووەتـەوە لای ئـەو دۆسـتەی. جارێـک بـە ڕێکـەوت لـەو سـەفەرانەدا خەبەرێـک لـە نـان و چایـی نابـێ. مـەلا مـارف داوای چایـی دەکات. مـەلا دەڵـێ مـەلاژن لـە مـاڵ نییـە، بۆیـە چامـان نییـە. مـەلا مـارف ئـەو دوو بەیتییـەی بـۆ دا دەنـێ.

مەیلی چاییمان هەبوو وادیارە چا نادا مەلا
بەزل و بەخشش لای مەلاژن زۆرە هەر ئەو چا دەدا

**سەرچاوە:**


**(١) دیوانـی مـەلا مـارف کۆکەیـی گردوکـۆی: مسـتەفا کۆکەیـی، ئامادەکـردن و ڕاسـت کردنـەوەی: سـەید عەبدوڵـڵا سـەمەدی، چاپـی یەکـەم، ١٣٩٤ک.**

**(٢) گوڵبژێرێـک لـە شـیعرەکانی مـەلا مارف کۆکەیی بـە زمانـی فارسـی: مەپـارە لاهیجانـی، چاپـی یەکـەم، مەهابـاد، ١٣٨٧ک.**

**(٣) ڕووتناسـی نوێبوونـەوەی ئەندێشـەی شـیعری لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان: یونـس ڕەزایـی، گۆڤـاری سـروە، ژمـارە ٢٤ و ٢٥، سـاڵی ١٣٦٦ک.**

**(٤) کتێبـی چێشـتی مجێـور: هـەژار موکریانـی، چاپـی یەکـەم، پاریـس، ١٩٩٧ز.**

**(٥) یوونـس ڕەزایـی، گۆڤـاری ڕامـان، ژمـارە ٢٢٦، سـاڵی ٢٠١٦، لاپـەڕە ٧٤- ٨٨.**